# شەڕ دژی بەعس، شەڕ لەسەر بەعســـی. . !

**نورەدین سەعید وەیسی**

**هەفتەیەك زیاترە هیچ بەلاڤۆكێكی دەنگوباسی كوردستان تیڤی نییە دەیان جار جەخت لەسەر ئەوە نەكاتەوە كە یەكێك لە خاڵە گرنگەكانی بەستنی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی لەهەولێر ئەوەیە كە لەسەرخاكی عیراق (هەولێر ) دەبەسترێت، هەربۆیەش دەكرێ بڵێین هەنووكە KURDISTANTV ( كە ئێستا سەرقاڵی گواستنەوەی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنە ) وتەلەڤزیۆنی عیراق ( كە سەرقاڵی هەڕەشەو گوڕەشە كردنە لەئەمریكا ) لەوەدا یەكدەگرنەوە كە هەردووكیان جەخت لەسەر پاراستنی سەروەری و یەكپارچەیی خاكی عیراق دەكەنەوە، KURSAT یش ماوەیەكە بۆ زاخاوی مێشكی ئەندامانی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆن، شەوچەرەكەی گواستنەوەی ئاهەنگی تیپی میوزیكی میللی چالغی عیراقی وكۆنسێرتی ئیلهام مەدفەعییە. !، هەربۆیەش ئەندامە عەرەبەكانی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی رەنگە زۆر ناهەقیان نەبێ كە لە لێدوان و كۆنگرە رۆژنامەوانییەكانیاندا لەهەولێرو سلێمانی خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بەگەڕانەوەیان بۆ خاكی وەتەن وبەستنی كۆنگرەكەیان لەشیمالی حەبیبدا. !**

**پارتی و یەكێتی دوای ئەوەی لە لەباوەش گرتن و پێسپاردنی پۆست وشوێنی گرنگ بە كوردە بەعسییەكان لە دامودەسگاكانیاندا بوونەوە، ئێستا كێ بەركێ و ململانێیانە لەسەر بەعسییەكانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی، هەربۆیەش كە پارتی پێی لەسەر ئەوەداگرت مشعان جبووری بكرێتە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆن، یەكێتیش سوور بوو لەسەر زیادكردنی وەفیق سامەڕائی لە لیژنەكەدا.**

**جبووری و سامەڕائی جیا لەمێژووی پڕ لەتاوانیان دەرهەق بەخەڵكی عیراق وكوردستان، تا ئەم ساتەش دڵیان بۆ رژێمی سەدام لێدەدا ولەوەتەی بەناویش هاتوونەتە ریزی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقییەوە خۆیان لەهەر ئیدانەو مەحكومكردنێكی رەوتارە دڕندانەكانی رژێمی بەغدا پاراستووە، بگرە جبووری هاوینی رابردوو لە سیمینارێكیدا لە هەولێر كە شەڕەفی رێكخستنەكەی بەر سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان كەوت بەراشكاوی گوتی ( (من دژی دادگاییكردنی سەرۆك سەدام حوسێنم و شانازییەكی گەورەشە ئەگەر بتوانم بیپارێزم ) ) ، سامەڕائیش چەند مانگێك لەمەوبەر پێشنیاری نیشتەجێكردنی فەلەستینییەكانی لە عیراق و كوردستان كرد وچەند رۆژێكیش لە مەوبەر كە پەیامنێری تەلەڤزیۆنی جەزیرە سەردانی كرد لە شوققەكەی لە لەندەن، وێنەیەكی سەدامی لەسەر مێزەكەی دانابوو.**

**پد ك وینك لەكاتێكدا سەرگەرمی بەشداریكردنی شەڕن دژ بەرژێمی بەعس، كەچی لەهەمانكا تیشدا شەڕیانە لەسەر بەعسییەكان. . !**

nuradinwaisi@hotmail.com

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت..... 2003-1-15